کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-4-2007 20:42 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەزارەتی ناوخۆی عێراق پاسپۆرتی G نادات بەژنان ڕێکخراوەکانی ژنان لەکوردستان کەمپینێک لەدژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەڕێدەخەن ... ڕاپۆرت: ئاسۆ عوسمان – ستیڤان شەمزینانی



ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان و جەماوەری ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دژی ئەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەوەستنەوە کەمافی سەفەرکردنی ژنان پێشێل دەکات و ڕێگە دەگرێت لەژنانی عێراق بەبی ڕەزامەندیی (ولی الامر) سەفەر بکەن. ئەم بڕیارە سەرباری ئەوەی پێچەوانەی دەستووری عێراقە لە هەمان کاتدا ڕێکخراوەکانی ژنانی عێراق و کوردستانی تورەکردووە، لەم هەفتەیەدا زیاتر لە سی ڕێکخراوە ژنان و مەدەنی لەسلێمانی هەستان بە دروستکردنی کەمپینێك لەدژی ئەو بڕیارە.

نەجیبە مەحمود- بەرپرسی بەشی ژنان لەرێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت دەربارەی کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکان وتی: لەچەند ساڵی ڕابردوودا ژنان هەوڵیانداوە و خەباتیان کردووە لەپێناوی نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزیی، بەڵام هێنانی (ولی الامر) بۆ دەرکردنی پاسپۆرتی ژنان جیاکارییەکی ڕاستەقینەی نێوان ژن و پیاوە، لەهەمان کاتدا دژی دووبەندی دەستوورییە.

بۆیە ئەمرۆ بەئامادەبوونی سی ڕێکخراوی ژنان و مەدەنی بڕیارماندا کەمپینێك دروست بکەین بەناوی کەمپینی یاسا بۆ ژنان، بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام دەبین لەهەر جۆرە چالاکییەکی تر کە پێویست بکات یاخود خزمەت بەدۆزەکە بکات، بەڵام ئێستا وەك کارێکی هەنووکەیی یاداشتێك بەئیمزای هەموو ئەو ڕێکخراوانە ئاڕاستەی پەرلەمانی عێراق و کوردستان دەکەین بۆئەوەی ئەوانیش لەوێوە فشارێك دروست بکەن لەسەر وەزارەتی ناوخۆی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو جۆرە تەعلیماتانە کە لەدژی ژنانە. سۆزان خاڵە شەهاب – ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە یەکێك بوو لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە دەربارەی هەڵوێستی پەرلەمانتارە ژنەکان و پەرلەمانی کوردستان وتی: من وەك ئەندام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەرلەمانێك پاش ڕاوێژكردن لەگەڵ سەرۆكی لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی ژنان و هەروەها باسكردنی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ عەدنان مفتی، بڕیارماندا پرۆژەیەك پێشكەش بە پەرلەمانی كوردستان بكەین كە ئیمزای دەكەسی لەسەر بێت كە داوای بكەین دانیشتنێكی تایبەتی بۆ بكرێت و دەنگی ناڕەزایەتی ئێمە وەك نوێنەرانی خەڵكی هەرێمی كوردستان پێشكەش بە پەرلەمان و سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بكرێت كە ئەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆ پێشێلكارییەكی زەقی بەندەكانی دەستووری عێراقە.

لەمەڕ ئەوەی ئایا ئەم گوشارەی پەرلەمانی كوردستان كاریگەریی دەبێت (سۆزان خاڵە شەهاب) وتی: لەپێشوودا ئەزموونمان هەبووە لەگەڵ ئەوەدا، هەرماوەیەك لەوەوپێش بوو ئێمە توانیمان لەڕێی ئەو فشارەی دروستمانكرد ئەمە وایكرد نوری مالیكی لەبڕیاری خۆی پاشگەز بێتەوە بۆ گۆڕینی چەند ئەندامێكی لیژنەی باڵای ماددەی سەدوچل و بەزوویی دانانی بڕە پارەیەك (29ملیۆن) دینار لەبودجەی ئەو پرۆسەیە، ئەمجارەش هیواداریین بتوانین بەهەمان فشار كارێك بكەین كە بیر لەوە بكەنەوە ئەو ڕێنماییانە بگۆڕن كە پێشێلكردنێكی ڕاستەوخۆی مافی ژنانە و پێچەوانەی دەستووری عێراقیشە.

ئالا تاڵەبانی- ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی كوردستان، دەربارەی كاری ئەو كەمپینە و گرەنتی سەركەوتنی وتی: باوەڕم بەوەهەیە هەر كەمپینێك بەڕێكوپێكی بكرێت، ئەگەر لەسەر بنەمایەكی ئەكادیمی و زانستی دروست بكرێت ئەوە سەركەوتوو دەبێت، ئەمڕۆ هەموو حەماسمان هەیە و هەموو حەزدەكەین ئەو ڕێنماییە ڕەت بكرێتەوە، هەموو حەزدەكەین ئیش بكەین و گۆڕانكاریی بكرێت، بەڵام بەڕاستی ئەگەر بەشێوە ڕاستەقینەو ئەكادیمییەكەی خۆی نەبێت كەمپینەكە ئاكامی نابێت.

خۆئەگەر نەتوانین لەبنچینەشەوە یاساو بڕیارێك بگۆڕین هیچ نەبێت ڕۆڵ و كاریگەریمان دەبێت و كۆمەڵگەمان وروژاندووە و كۆمەڵێك خەڵكمان بەئاگا هێناوەتەوە، ئەم كەمپینە سەردەگرێت بەمەرجێك هەماهەنگی هەبێت لەنێوان ڕێكخراوەكانی ژنان و كۆمەڵگەی مەدەنی و كەسایەتی و ئەندام پەرلەمانەكانی كوردستان، هەروەها لەگەڵ پەرلەمانتار و ڕێكخراوەكان لیبراڵخوازەكانی بەشەكانی تری عێراق.

لەبارەی بێسەرەو بەرەیی لەحكومەتی عێراقدا و كارپێنەكردن بەیاساكان و دەستوور لەلایەن حكومەتەوە، ئالا تاڵەبانی وتی: وەزعی ئێستای عێراق ئەوەندە ئاڵۆزە كە بێسەرەو بەرەیی دروستكردووە، لەهەمان كاتدا بەدڵنیاییەوە حكومەت پەیڕەو لەیاساكانی خۆی ناكات، لەگەڵ ئەوەشدا بزانە ئەم حاڵەتە ڕێنماییە نەك یاسا، ڕاستە وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی هەیە بۆئەوەی ڕێنمایی دەربكات بەڵام دەبێت لەچوارچێوەی دەستووردا بێت، ئەم ڕێنماییەش پێچەوانەیە لەگەڵ هەردوو مادەی چوار و چل و چواری دەستوری عێراق.

ئالاتاڵەبانی – لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی كوردستان لەپەرلەمانی عێراق كە ئایا پشتیوانی لەم كەمپینە دەكەن و ئامادەن فشار دروست بكەن؟ وتی: بەدڵنیاییەوە پشتیوانی لێدەكەن چونكە ئەم شتانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بەمافی مرۆڤەوە، ئامادەین فشار دروست بكەین من دەتوانم بەناوی هەموو ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی كوردستانەوە پێتبڵێم، كە ئامادەین پشتیوانی لەم كەمپینە بكەین و لەناو پەرلەماندا فشار دروست بكەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
17-4-2007 20:42 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا
چرۆ سابیر- بەرپرسی ڕێكخراوی ڕاسان بۆ داكۆكیكردن لەمافەكانی ژنان تیشكی خستەسەر وردەكاریی كۆبوونەوەكەو كارەكانی داهاتووی كەمپین و وتی: یاداشتێك ئامادەكرابوو خوێندرایەوە لەدژی ئەو ڕێنماییەی كە لەوەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە دەرچووە، لەڕاستیدا ئەم ڕێنماییە دوو شێوە ستەم و ناعەدالەتی لەخۆدەگرێت، یەكێكیان خروقاتێكی گەورەی یاساییە لەبەرامبەر ئەو بەندە دەستوورییەی كە قسە لەسەر یەكسانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەكات.

ئەویتریان پێشێلكردنی مافی ژنانە چونكە سەفەركردن یەكێكە لەمافە سەرەتاییەكانی ژن. ئەم كۆبوونەوەیە قسەوباسی زۆری تیاكرا، قسە لەسەر ئەوەكرا كە تەنیا هەڵوێستمان ئەوە نەبێت یاداشتێك پێشكەش بە پەرلەمانی عێراق و لایەنەكانی تر بكەین، بەڵكو كەمپینێك بەڕێخەین. خۆشبەختانە لەكۆبوونەوەی داهاتوودا قسەوباس لەسەر تەواوی میكانیزمەكانی ئیشكردنی ئەم كەمپینە دەكەین، لەوە دەچێت ئیش لەسەر ئیمزا كۆكردنەوەیەكی بەرفراوان بكەین و واش بڕیارە تەنسیق لەگەڵ ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی بكەین لەهەولێرو دهۆك بۆئەوەی ئەوانیش بێنە ناو ئەم كەمپینەوە.

ئەمیرە حەسەن-یاساناس، لەبارەی كاریگەریی ئەو فشارەی كەمپینەكەیان دروستیدەكات گەشبینە و دەڵێت: من پێموایە ئەم كەمپینە دەتوانێت كاری خۆی بكات و فشار دروست بكات، بەڵام بەمەرجێك كە بەشێوەیەكی زانستیانە كاربكات، بەو شێوازەی كە كارەكان پەرت نەبێت و لەكاتی خۆیدا ئەنجام بدرێن.
دەربارەی ئامانجی فراوانتری كەمپین و مەودای كاركردنەكەی (ئەمیرە حەسەن) وتی: بڕیارمانداوە ئەم كەمپینە هەر بەردەوام بێت و ئەجیندەش زۆرە لەداهاتوودا كاری لەسەر بكات، بۆ نموونە چەند خروقاتێكی زۆر كراوە لەدژی مافەكانی ژنان، یەكێك لەوانە كە هێشتا كەس قسەی لەسەر نەكردووە ڕاگەیاندنی یەكێتی پیاوانە كە ئامانجەكەیان فرە ژنییە.

لەكۆتایی قسەكانیشیدا وتی: بەپێی تێپەڕینی كات ئێمە هەر خروقاتێكمان بینی كە لەدژی مافی ژن ئەنجامدرا دەیكەینە ئەجیندەی كارمان لەكەمپینەكەدا

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.